

# کاریگەری شەڕ و ململانێ، کەش و هەوا و ئابوری لەسەر کشتوکاڵ لە قەزاکانی گەڕانەوە لە عێراق دا

IOM UN MIGRATION

Social Inquiry

## دەربارەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دید و بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. تا بۆی بکرێت ڕێکخراوی (IOM) هەوڵدەدات کە زانیارییەکان ڕاست و دروست بن، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش نە بە دەربڕین نە بە واگەیاندن ناکات کە ئەو زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەردەستن تەواو و دروست و گونجاون.

## دەربارەی ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتی

ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتی دامەزراوەیەکی قازانج نەویستە لە عێراق دا کە جەخت دەکاتە سەر سیاسەتی کارکردنی و جێبەجێکردنی بەکردارەکی کە وادەکەن متمانە لای هاوڵاتیانی سڤیل دروست بێت و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە لێکدابڕا و لێکپچڕاوەکانی نێوان کۆمەڵگەکان و نێوان کۆمەڵگەکان و دەوڵەت بنیاتدەنێتەوە. توێژینەوەکانیشی فۆکەس دەخەنە سەر پێوەری بابەتیانە: ١. لێکترازان و تەبایی کۆمەڵایەتی، ٢. پیادەکردنی دادپەروەری و ئاشتەوایی، ٣. ئابوری سیاسی دوای قۆناغی شەڕ و ململانێ، تێڕوانین لە ڕەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابوری و مێژوویية بەیەکداچوو و یەکتربڕەکانی نێوان ئەم بابەت و لایەنانە.

© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق (IOM) ٢٠٢٣

ئەم ڕاپۆرتە بە پاڵپشتی نووسینگەی دانیشتووان و پەنابەران و کۆچ-ی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەکراوە.

هەموو مافێک پارێزراوە. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

دوابەدوای شەڕ و ململانێکان لەگەڵ داعش دا لە عێراق، پێدەچێت ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی کشتوکاڵ دەکەن کەمیکردبێت لەو قەزایانەی کە ئاوارەکان لە ناوچەکانی زێدیان بۆیان گەڕاونەتەوە. ئەم کەمبوونەوەیەش بۆ تێکچوون و لەناوچوونی ژێرخان و ژمارەیەکی زۆری کەرەستە و کەلوپەلی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە لەبەر شەڕ و ململانێکان، کەمی توانای جێگرتنەوەی ئەو کەلوپەلانەش وایکردووە نەگەڕێنەوە بۆ کاری کشتوکاڵکردن.[١] هەروەها نەبوونی هیچ هاندان و دەستگرتنێک بۆ گەڕانەوە بۆ کشتوکاڵکردن و گۆڕانی کەش و هەوای عێراق هۆکاری دیکەن.[٢] ئەم شیکارییەش بەشێوەیەکی تێر و تەسل تر لەم داینامیکی و هۆکار و جوڵانە دەڕوانێت لەڕێگەی بەکارهێنانی داتای ئاماری لەسەرانسەری تەواوی قەزاکانی گەڕانەوە لە عێراق دا. دەیەوێت بە ووردی بڕوانێتە ئەو تەحەددیات و ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی گەڕاوان دەبنەوە کاتێک لەدوای شەڕ و ململانێکان بەکاری کشتوکاڵەوە خەریکن. ڕاپۆرتەکە سەرەنج دەداتە ئەوەی کە تا چەند هۆکارەکانی پەیوەست بە شەڕ، ئابوری و کەش و هەوا ڕۆڵدەگێڕن لە کەمبوونەوەی کشتوکاڵکردن وەک کاروکاسبی و بژێوی ژیان، دەڕوانێتە دەرهاویشتەکانی ئەم گۆڕانە لە تێکەڵاوبوونەوەی جێگیر.

ئەم کورتە ڕاپۆرتە بەشێکە لە پرۆژەی توێژینەوەیەکی گەورە (وێناکردنەوەی تێکەڵاوبوونەوە) کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و ڕاپرسی و ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتییەوە ئەنجامدەدرێت و دەڕوانێتە بەردەوامییەتی گەڕانەوە لەسەرانسەری ئەو ١٤ قەزایەی کە زۆرترین ژمارەی گەڕاوانیان لەخۆگرتووە لە عێراق دا. ئەوانیش بە ڕیزبەندیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بریتین لە موسڵ، ڕوومادی، فەللوجە، تەلەعفەر، تکریت، هیت، حەویجە، حەمدانیە، شەرگات، کەرکووک، بێجی، شنگال، خانەقین و بەلەد. لێرەدا دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووپێوکردنی ئەسڵی خێزانەکان و کارنامەی ٢٢٦٠ بەشداربووی گەڕاوە لەو قەزایانە لە ماوەی نێوان ئادار و نیسانی ٢٠٢٢ دا کۆکراوەتەوە.
ئەم ڕووپێویەش شێوازێکی خێزانی دەگرێتەخۆ (کەلەسەر دۆخی تێکڕای هەموو خێزانەکە جێبەجێدەبێت و دەگرێتەوە) و شێوازی تاکی و کەسیش دەگرێتەخۆ (کۆکردنەوە و وەرگرتنی دیدی بەشداربووان)، هەروەها شێوازێکی لیست-یش دەگرێتەخۆ (کۆکردنەوە و وەرگرتنی تایبەتمەندییەکانی هەر ئەندامێکی خێزان) و بابەتەکانی پەیوەست بە دیمۆگرافیا، مێژووی شەڕو ململانێیەکان، سەلامەتی، ئەمنیەت، بر و ئاستی پێویستی پێوەرەکانی ژیان، دۆخی کاروکاسبی و باری ئابوری، دۆخی نیشتەجێبوون و گێڕانەوەی ئەو شوێنانە، دۆخی ئەمنی شوێنە دەستبەسەر داگیراوەکان، بەڵگەنامەی مەدەنی، تەبایی کۆمەڵایەتی و بەشداری گشتی خەڵک، چارەسەری پزیشکی و دادوەری دەگرێتەوە.
ئەنجام و بەرهەمەکانی ئەم پرۆژەیە شیکارییەکیشی تێدایە دەربارەی دووبارە تێکەڵاوبوونەوەی بەردەوام لە قەزاکانی گەڕانەوەدا و کورتە ڕاپۆرتێکیشی لەگەڵە لەسەر کاریگەرییەکانی شەڕ و ململانێیە لەسەر جیاوازی دەرهاویشتەکانی ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و ئەوانەشی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن لە گەڕانەوەی جێگیردا.

## ڕۆڵی کشتوکاڵکردن وەک کاروکاسبی بژێوی ژیان لە قەزاکانی گەڕانەوەدا

کاروچالاکیە کشتوکاڵییەکان (ئاژەڵداری و کشتوکاڵ) لە زۆربەی ئەو ١٤ قەزای گەڕانەوە دا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاروچالاکیانە لایەنی سەرەکی ئابوری نین بۆ خستنەسەرکار و دامەزراندن و دروستکردنی داهات. ئەگەرچی لە بەشێکی زۆری گێڕانەوە و گفتوگۆکان دا باسی پەیوەندی نێوان گۆڕانی کەش و کشتوکاڵ کراوە، کە سەرەکیترین تەحددیات و ئاڵنگارییە ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هەڵسەنگاندن بۆ پەیوەندی نێوان گۆڕانی کەش و هەوا و کشتوکاڵ دەکات لەناوچەکانی قۆناغی شەڕ و ململانێ دا، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆکردنەوەی داتای تازەی خێزانی لەسەر ئاستی خێزانە گەڕاوەکان. داتایەکەش لەلایەن ئەو توێژینەوانەوە تەواودەکرێن کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا لەسەر کاروکاسبی کشتوکاڵی ئەنجامی داون لە ناوچەکانی ئاواران و شوێنەکانی گەڕاواندا، ئەمەش لەڕێگەی ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ زانیاریدەرە سەرەکییەکان و بەکارهێنانی کۆمەڵێک دیارخەری هاوشێوەی ئەوانەی کە لە توێژینەوە تەواوکارییەکان دا بەکارهاتوون.[٣]

بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێوی سەر ئاستی خێزان، لە ئێستا دا لە ١٣٪ی خێزانە گەڕاوەکان خەریکی جووتیارین و لە ١١٪شیان بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن و بەزۆریش و تێکەڵبوون و کردنی هەردوو کار بەیەکەوە هەیە (شێوەی ١). قەزاکانی فەللوجە، تەلەعفەر، ڕوومادی، حەویجە، شرگات، شنگال، بەلەد و حەمدانیە بەدوای یەکدا، زۆرترین ڕێژەکانی ئەو خێزانانەیان تێدایە کە یان بە یەکێک لە کشتوکاڵی یان ئاژەڵداری یان هەردووکیانەوە خەریکن، ئەمەش بەپێی ژمارەی دەقیقی ئەو خێزانانەی کە لەو قەزایانە دا دەژین. بۆ نموونە، فەللوجە، نزیکەی ١١ هەزار خێزانی گەڕاوەی تێدایە لە ئێستا دا، لەو ژمارەیەشیان ١٠،٨٠٠ یان بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن، زۆربەشیان لەپاڵ ئەوەدا کشتوکاڵی دەکەن.


لایەنێکی گرنگی ئەو دۆخەش ئەوەیە کە هەموو ئەو خێزانانەی کە بەر لەئاوارەبوون بە کشتوکاڵییەوە خەریکبوون ئێستا لەکاتی گەڕانەوەیان دا دەستیان بەکاری کشتوکاڵی نەکردووەتەوە. لەڕاستیدا، کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لەڕێژەی ئەو خێزانانە ڕوویداوە کە لە نێوان ٢٠١٤ بۆ ٢٠٢٢ کاری کشتوکاڵیان دەکرد: بە نزیکەی لە ٥٪ ئەو خێزانانە باسی ئەوەیانکرد کە پێش ئاوارەبوونیان کشتوکاڵیان دەکرد بەڵام ئێستا لەکاتی گەڕانەوەیان دا وازیان لێی هێناوە (شێوەی ١). بۆیە، ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە خەریکی کشتوکاڵن لە لە١٨٪ وە لە سەردەمی پێش شەڕ و ململانێ بۆ لە ١٣٪ لە قۆناغی دوای شەڕ و ململانێ کەمبووەتەوە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، هەروەها بۆ کاری ئاژەڵداریش ڕێژەیەکی کەمبوونەوەی هاوشێوە هەیە. لەو قەزایانەشی کە ژمارەیەکی زۆری خێزانەکانی بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریکبوون بەر لەئاوارەبوون، وەکو قەزاکانی شنگال و شەرگات، ئێستا لە ١٠٪ی ئەو خێزانانە وازیان لە کاری کشتوکاڵی هێناوە.

١ کامیل شەدید و ئەوانی دیکە، ( بۆچی جووتیارە ئاوارەکان ناگەڕێنەوە سەر جووتیاریکردنی خۆیان؟ ئەو وانانەی عێراق)، ڕوپێووی وەرزانەی پەنابەران، ٣٩، ژمارە ٤، (٢٠٢٠): ل. ٥١٤-٥٢٤.
٢ جۆردان لێسەر ڕۆی، (ئەگەر بڕۆم... ناتوانم هەناسە بدەم): گۆڕانی کەش و هەوا و پاراستنی مەدەنیان لە عێراق، (هەولێر: ڕێکخراوی سیڤیک (CIVIC)، ٢٠٢٢).
٣ ڕووپەڕی ڕاستییەکان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا لەسەر ژینگە لە شوێنەکانی ئاواران و گەڕاوان دا (بەغدا: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ٢٠٢٢).

دەبێت فاکتەرێکی زۆر گرنگ لەبەرچاوبگیرێت کە لە کاری کشتوکاڵی لە دۆخی قۆناغی دوای شەڕ و ململانێ دا، ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر ئەو خێزانانە لە دوای گەڕانەوەیان دەست بە کاری کشتوکاڵیش بکەنەوە، زۆربەیان بەدەست ئەوەوە دەناڵێن کە ناتوانن هەمان ئاستی پێش شەڕ و ململانێ بەرهەمیان هەبێت. نزیکەی سێ لەسەر چواری ئەو خێزانانەی کە ئێستا بە کشتوکاڵەوە خەریکن باسی ئەوەیان کرد کە بە بەراورد بە ٢٠١٤، بەرهەم و بەروبوومیان کەمبووەتەوە، ئەمەش ڕێک واتە پێش شەڕ و ململانێیە و ئاوارەبوونیان. (ئەم ڕێژەیەش لە هێڵکاری لای ڕاستی شێوەی ١ نیشاندراوە). لەنێو ئەوانەی کە ئاژەڵداری دەکەن، دۆخەکەیان خراپتریشە، بەجۆرێک چوار لەسەر پێنجی ئەو خێزانانەی کە خەریکی ئاژەڵدارین باسی ئەوەیان کرد کە بە بەراورد بە ٢٠١٤، مەڕو ماڵاتیان زۆر کەمبووەتەوە.

ئەم وەڵامانەی سەبارەت بە گۆڕان و کەمبوونەوەی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری زۆربەیان کەسیی و چۆنیەتین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی نەرێنی گشتی نیشاندەدەن لەم جۆرە کارو کاسبیانە. نیگەرانیەکەش ئەوەیە کە کەمبوونەوەی کاری ئاژەڵداری و کاری کشتوکاڵ واتای کەمبوونەوەی داهاتی ئەو خێزانانە دەگەیێنێت، بۆیە کاردەکاتە سەر توانا و باری ئابوریان. ئەم جوڵە و گۆڕانانەش دەبنەهۆی ئەوەی کە ئەو خێزانانەی بە دۆخێکی نەرێنی دا بڕۆن. بۆ نموونە، لەوانەیە کەرەستە و کەلوپەلی ئەو خێزانانەش کەمبێتەوە، یان ڕوو لە بژاردەی دیکەی نافەرمی کاروکاسبی بکەن، لەوانەش کرێکاری ڕۆژانە. لە کۆتاییدا، ستراتیژیەتی هەڵکردن و گونجان لەگەڵ ئەم ڕەوشە کاردەکاتە سەر توانای تێکەڵاوبوونەوەی درێژخایەن. لەدۆخێکی وەهاش دا، لەوانەیە ئەو خێزانانەی کە بە کشتوکاڵییەوە خەریکین نەتوانن بۆ ناوچەکانی زێدیان بگەڕێنەوە، یان لەوانەیە جارێکی دیکە ئاوارەببنەوە یان لە شوێنێکی دیکە بگیرسێنەوە و نیشتەجێ بن.

شێوەی ١: بڵاوی کار کشتوکاڵی لەنێو خێزانە گەڕاوەکان گۆڕانەکانی کە لە بەرهەمهێنان ڕوویانداوە



بەگشتی، ئەم ڕێژانەی وازهێنان لە کار و کەمبوونەوەی بەرهەم تیشک دەخاتە سەر تەحەددیات و ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی خێزانە گەڕاوەکان دەبنەوە لە کاری کشتوکاڵی دا.[٤] هەندێک لەو بەربەستانەش بۆ کاریگەری ڕاستەوخۆی شەڕ و ململانێیەکان دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ئاڵنگارییەکانی دیکە هەبوونی کێشە و گرفتی گەورەتری پەیوەست بە کەش و هەوا و نەبوونی دەزگا و دامەزراوەیەکی تایبەتمەند تا پاڵپشتی بوژانەوەی ئەو کەرتە بکات. ئەو کێشە و گرفتانەی کە بەشداربووان لەمبارەیەوە باسیانکرد، لە بەشی دواتر باسیان لێوە کراوە.

## هۆکارەکانی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و وازهێنان لە کشتوکاڵکردن

هۆکارە ئابورییەکان لایەنی سەرەکیین کە لە کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی باسیان لێوەکرا، وەک تێچووی داچاندن (لەوانەش تۆ، پەین و بەهێزکەر و دەرمان ڕشاندنی حەشەرات و مێروو) و کەمی پاڵپشتی حکومی (شێوەی ٢). خاڵێکی دیکە کە دەبێت بگوترێت ئەوەیە کە پێشتر کەرتی گشتی زۆر پاڵپشتی بواری کشتوکاڵی کردووە. بۆ نموونە، کارئاسانیکردنی پێدانی قەرز، زەوی یان ڕاستەوخۆ کڕینی بەرهەمەکانیان بە نرخی سەرووی بازاڕ.[٥] لەبەرانبەریش دا، ئاژەڵداران ڕووبەڕووی زەحمەتی جیاواز و جۆراوجۆر دەبنەوە. پێدەچێت زۆربەی ئەو ئاژەڵدارانە ئاژەڵەکانیان بردرابێت لەکاتی شەڕ و ململانێیەکان دا، یان خۆیان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخەکە ئاژەڵەکانیان فرۆشتبێت. ئەمەش بووەتەهۆی کەمبوونەوەی ئاژەڵەکانی ئەو خێزانانەی نەتوانن هەمان سەر ئاژەڵ ڕابگرنەوە و بەخێو بکەن. نەبوونی توانای زیادکردنی بەرهەم و نەبوونی سەرچاوە داراییەکان هۆکاری ئێجگار گرنگن لە ڕوونکردنەوەی هێواش و لەسەرخۆ بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ. هەبوونی کەرەستەی کشتوکاڵی و بوژانەوەی ئاژەڵداری پێویستی بە سەرچاوەی داراییە کە لەوانەشە زۆربەی خێزانەکان ئەو توانایەیان نەبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی خەرجکردنی پارەکانیان بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی زێدیان. هەروەها، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کاروچالاکییەکانی فەرمانگەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە زۆربەی قەزاکاندا، تا ئێستاش تواناکان بۆ ئاستی سەردەمی پێش شەڕ و ململانێیەکان نەگەڕاونەتەوە.[٦]

جگە لە هۆکارە ئابورییەکان، هەلومەرجی ژینگەیی و گۆڕانە نەرێنییەکانی کەش و هەواوش دوو هۆکاری دیکەی سەرەکیین لەکەمکردنەوەی بەرهەمهێنان. ناسەقامگیری دۆخی کەش و هەوا و کەمئاوی تەحەددیات و ئاڵنگاری بەرچاون هەم بۆ کشتوکاڵ و هەمیش بۆ ئاژەڵداری. کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و کێشە و گرفتە ژینگەییەکان دەبێـەهۆی کەمبوونەوەی ئالیکی ئاژەڵان و مەڕومالات، بۆیەش نرخی ئالیک بەرزدەبێتەوە. هەمان ئالنگاریش کاردەکاتە سەر نەبوونی لەوەڕگە لە دوای دروێنەکردن. ئەم هۆکار و ئاڵنگاریانەش لە لایەن ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵدارانەوە باسیان لێوەکرا.

تەحەددیات و ئاڵنگارییەکانی دیکە ڕۆڵی کەمتریان هەیە. کێشە و گرفتە ئەمنییەکانی پەیوەست بە هەبوونی مین و هەستکردن بە مەترسی لە لایەن لایەنە ئەمنییەکان، بە نموونە، لەلایەن زۆربەی ئەو خێزانانەی بە کشتوکاڵەوە خەریکن باسیان لێوە نەکرا. بەهەمان شێوە، نەبوونی بازاڕێکی بە باش بۆ کڕین و فرۆشتنی بەرهەمی ئاژەڵی کێشەیەکی دیکەی لاوەکییە لەو قەزایانە دا.





٤ پێدەچێت دەرفەتەکانی کاروکاسبیکردن لە کەرتی کشتوکاڵی لەتەواوی وڵات ڕوو لە کەمبوونەوە بکات، تەنانەت لەو ناوچانەشی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زیانی شەڕ و ململانێیان بەرنەکەوتووە. هەمان ڕێژەی وازلێهێنان لە پارێزگاکانی باشوری عێراقیش دەبینرێت، بۆنموونە، لەو شوێنانەی کە پێدەچێت کاریگەری گۆڕانی ژینگەی بەهێزتر و زیاترە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و ڕاپرسی و ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتی، شکستەنی کەش و هەوا: دەرخستنی پارێزگاکانی بەسرە، زیقاڕ و میسان (بەغدا: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ٢٠٢٢).

٥ بانکی جیهانی و ڕێکخراوی فاو، عێراق: هەڵوەستەیەک لەسەر کەرتی کشتوکاڵ (ڕۆما: ڕێکخراوی فا، ٢٠١٢).

٦ بۆ نموونە، بڕوانە، گوویە ئار و ئەفکاری ئێس ( Guiu, R. & Afkari, S ). ئابوری سیاسی لەدوای قۆناغی شەڕ و ململانێ لە شنگاڵ دا: پاشماوەیی شەڕ و ململانێیەکان و پشتگوێخستنی مێژووی چی دەگەیێنن لە بوژانەوەی ئابوری خۆجێی (هەولێر: ڕاپرسی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٩)، بەرهۆم و ناڵبەندیان ئێستا بێ کشتوکاڵ و کە بێ ئاوادانی دەبێت؟ کشتوکاڵ و گۆڕانی کەش و هەوا لە عێراق دا (ئۆکسفۆرد: ئۆکسفام، ٢٠٢٢).

شێوەی ٢: بەربڵاوی کاریگەرییە خراپەکانی سەر کاروکاسبییە کشتوکاڵییەکان کە لەلایەن ئەو بەشداربووانەی بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریکن باسیان لێوەکرا





تێبینی: هەڵبژاردنی زیاتر لە وەڵامێک و چەند وەڵامێک ڕێگەپێدراوە. دیارخەرەکانی پەیوەست بە تێکچوونی ژینگە لە ڕەنگی پرتەقاڵی ڕەنگکراوە. .


هۆکارەکانی پەیوەست بە کەش و هەوا زۆر لە هۆکارە ئابوورییەکان کاریگەرترن لە هەندێک لە قەزاکان دا بە بەراورد بە قەزاکانی دیکە. لە سەرانسەری تەواوی ١٤ قەزای گەڕانەوە دا، لە قەزکانی باکوور وەک لە قەزاکانی شنگال، شەرگات، حەمدانیە و تەلەعفەر دا بەشێوەیەکی زۆر پشت بە باران دەبەسترێت بۆ دەستگەیشتن بە ئاودێری و ئاودان. سەرئەنجام، گۆڕانەکانی کەش و هەوا بەشێوەیەکی بەرچاوتر دەبێتەهۆی تێکدانی کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەم و دروێنە لەو قەزایانەی باکوور لە ناوچەکانی دیکەی عێراق دا. بەشداربووانی ئەو قەزایانەی باسی ئەوەشیانکرد کە ناسەقامگیری و خراپی ڕەوشی کەش و هەوا و نەبوونی ئاو لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵیین. هەر لەم قەزایانەش دا ئاژەڵداریش بەهۆکاری کەمبوونەوەی زەوی لەوەڕاندنی ئاژەڵ و لەوەڕگە کەمبووەتەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەهۆی گۆڕان و تێکچوونی ڕەوشی کەش و هەوایە لەو ناوچانەدا. هەروەها ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە ڕەوشی کەش و هەوا و بوونەتە کەمبوونەوەی بەرهەمی دانەوێڵەیی، بوونەتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و ئالیکی ئاژەڵ (کە تارادەیەک ئەمەش دیاردەیەکی بەربڵاوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی شوێنی قەزاکە).

لە کۆتاییدا، ئەو تەحەددیات و ئاڵنگاریانە پاڵ بە خێزانەکانەوە دەنێن تا زیاتر واز لەکاری کشتوکاڵی بێنن و لە کاتی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان ئیتر ئەو کارە نەکەن (شێوەی ٣). ئەمەش بەهەمان شێوەی هۆکارە ئابوورییەکانی کاریگەری لەسەر خێزانەکان هەیە (بەمانایەکی دیکە، گرانی نرخی تۆ و داچاندن و بەرزی نرخی کەرەستە و ئامێرە کشتوکاڵییەکان و نەمانی ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتەکانیان بەهۆی شەڕ و ململانێیەکان) ڕۆڵی سەرەکیان بینیووە لەبەردەم کەمبوونەوە و زەحمەتکردن و نەهێشتنی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری. هۆکارە لاوەکییەکانیش بریتین لە ڕەوشی کەش و هەوا و کاریگەرییەکانی پەیوەست پێیەوە، وەک نەبوونی ئاو و شیاوی خاک بۆ کشتوکاڵ و نەبوونی خۆراک و ئالیکی ئاژەڵ. لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی پەیوەست بەڕەوشی کەش و هەوا لاوەکین و ڕۆڵیان کەمترە لە وازهێنان لە کاری کشتوکاڵی. بۆ نموونە، نزیکەی یەک لەسەر چواری ئەو خێزانانەی کە وازیان لە کاری کشتوکاڵی و جووتیاری هێنانەوە بەهۆی ئەوەوە وازیان هێناوە ئاو نییە، نزیکەی تەنیا یەک لەسەر دەی ئەو خێزانانە بەهۆی ناسەقامگیری ڕەوشی کەش و هەوا وە وازیان هێناوە. لەوانەیە ئەمەش مانای ئەوە بێت کە جووتیاران و ئاژەڵداران بە بێ گومان هەوڵی ئەوەیان داوە کە خۆیان لەگەڵ زەحمەتی و ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە ڕەوشی کەش و هەوا وە بگونجێنن بەرلەوەی بە تەواوی واز لەکارەکانیان بێنن و لەبوارەکانی دیکە دا بەدوای کاروکاسبی دا بگەڕێن.



شێوەی ٣:بەبڵاوی کاریگەرییە خراپەکان لەسەر کاروکاسبی کشتوکاڵی کە لەلایەن ئەو خێزانانەوە باسکرا کە لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ وازیان لە کشتوکاڵکردن هێناوە.




تێبینی: هەڵبژاردنی زیاتر لە وەڵامێک و چەند وەڵامێک ڕێگەپێدراوە. دیارخەرەکانی پەیوەست بە تێکچوونی ژینگە لە ڕەنگی پرتەقاڵی ڕەنگکراوە.


## دەرهاویشتەکانی تێکەڵاوبوونەوەی بەردەوامی ئەو خێزانانەی کە بە کشتوکاڵییەوە خەریکن لە قەزاکانی گەڕانەوە دا

ئەم شیکاریە یارمەتی ڕوونکردنەوەی ئەوە دەدات کە بۆچی هەندێک لە خێزانە گەڕاوەکان نەگەڕاونەتەوە سەر کێڵگەکانی پێش سەردەمی شەڕ و ململانێیەکان، جا ئەو گەڕانەوە بۆ کشتوکاڵکردن یان بۆ ئاژەڵداری بێت. بۆ ئەو خێزانانەشی کە بۆ ئەو کارانە گەڕاونەتەوە، ئاستی بەرهەمهێنان (کە دەکاتە داهاتیان) زۆر کەمترە لەو ئاستەی کە لەکاتی پێش شەڕ و ململانێیەکان هەیانبوو. ئەگەرچی کە کشتوکاڵ هۆکاری سەرەکی کەرتی ئابووری نییە[٧] تەنانەت لە ناوچە لادێیەکانیش دا، لەگەڵ ئەوەش دا جێگەی نیگەرانییە کە ئاستی ئەم کارە و بەرهەمهێنان تیایدا زۆر زیاتر ڕووی لە کەمیکردووە. ئەو خێزانانەی کە پشتی پێدەبەستن، مەترسی ئابووریان هەیە و توانای ئەو خێزانانە بۆ تێکەڵاوبوونەوە یان بۆ مانەوەیان لە ناوچەکانی زێدیان بۆ ماوەیەکی دووروو درێژ دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

زۆربەی کێشە و گرفتەکان ئاماژە بە پێویستی هەبوونی وەبەرهێنان و پاڵپشتیکردنی ئەم کەرتە دەکەنەوە، هەم لەڕووی خودی کەرتەکە و هەمیش لە سەرانسەری زنجیرەی بەهاکان (تۆ و داچاندن، بازاڕ، خزمەتگوزارییە پاڵپشتییەکانی حکومەت، هەماهەنگیکردن، چاودێریکردن و هۆیەکانی گواستنەوە) دا. دەبێت ئەم پاڵپشتییەش ئەمانە بگرێتەخۆ: ڕێککار و ستراتیژیەتەکانی گونجاندن لەگەڵ کەش و هەوا، لەوانەش سیستەمەکانی زوو ئاگادارکردنەوە و دابەشکردنی کەرەستەی تەکنەلۆژی بەسەر جووتیاران و ئاژەڵداران. سەرنەکەوتن و شکستهێنان لەمبارەوەیە، دەرهاویشتەی لەسەر کەرتی کشتوکاڵی وڵات و لەسەر بەردەوامی ئەم دۆخەی ئێستای جموجۆڵەکانی گەڕانەوە، تێکەڵاوبوونەوەی بەردەوام لەو قەزایانەی کە بەهۆی شەڕ و ململانێیەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە دەبێت.

لەوەش گرنگتر، ئەم نیگەرانیە خراوەتەڕوو. ئاژەڵدار و جووتیارە گەڕاوەکان زۆر دڵنیانین لەوەی کە بەم دۆخەوە ناتوانن لە شوێنەکانی ئێستای خۆیان بمێننەوە (شێوەی ٤). لەوکاتەی تەنیا ڕێژەیەکی کەمی ئەو خێزانانە دووبارە کاروکاسبییەکی باش و بەهێزیان هەبوو، نزیکەی نیوەی جووتیارەکان و ئاژەڵدارەکان دڵنیابوون لەوەی کە ئاخۆ ئەم ڕەوشەی ئێستا ناچار بەجێهێشتنی شوێنەکانیان دەکات یان وایان لێدەکات هەر لەوێ بمێننەوە لە داهاتوویەکی نزیک دا. قەبارەی ئەم ڕێژەیەش ڕوون و ئاشکرایە کاتێک بە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانە بەراورد دەکرێت کە بە کشتوکاڵەوە خەریک نین، لەبەرئەوەی ئەو خێزانانەی کە بە کشتوکاڵەوە خەریکن دڵنیاترن لە مانەوەیان و لە دووبارە تێکەڵاوبوونەوەیان لە ناوچەکانی زێدیان دا. چارەسەرکردنی ئەو ناجێگیری و دڵنیانەبوونە لەنێو ئەو خێزانانەی کە بە کشتوکاڵەوە خەریکن کارێکی لە پێشینەیە، نەک هەر تەنیا بۆ بەردەوامیدان بە گەڕانەوە و تێکەڵاوبوونەوەیان، بەڵکو بۆئەوەی بەشداریش بن لەوەی کە کۆمەڵگەیەکی لادێیی بەهێزتر بنیات بنێن لەسەرانسەری تەواوی ناوچەکانی پاشماوەی شەڕ و ململانێن.

شێوەی ٤: ئەگەر دووبارە ئاوارەبوونەوە لە شوێنی گەڕانەوەی ئێستایان یان توانای ئەوەیان لە داهاتووشدا لەوێ بمێننەوە




تێبینی: تەنیا خێزانە گەڕاوەکان، ئەو خێزانانەی بە جووتیاری و ئاژەڵدارییەوە خەریکن دەتوانن باسی ئەوە بکەن کە هەردوو کاری جووتیاری و ئاژەڵداری دەکەن.

٧ کەرتەکانی دیکەی وەک کەرتی گشتی، هێزە ئەمنییەکان و بازرگانیکردن بواری سەرەکین لەم توێژینەوەیەدا

## ڕێکخراوی نێودەڵەتی کۆچ لە عێراق


@IOMIraq

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int



© ڕێکخراوی نێودەڵەتی کۆچ لە عێراق - ٢٠٢٣

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانێ بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.